# ئەو "ڕۆژووەی" کە بەتاڵ بوو!

**حەسەن ڕەحمان پەناە**
**وەرگێر: علی ئەحمەدپور**

چەند ڕۆژ لە مەوبەر لە بەیانێکدا ژمارەیەك لە ناوخۆی وڵاتەوە کە لە ژێر نێوی پارێزەرانی مافی مرۆڤدا چالاکیی دەکەن و ژمارەیەك گرووپ و کەسایەتیی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرن، لەڕێی بەیانێکەوە داوایان لە چین و توێژە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان کرد کە بە نارەزایەتی دەربڕێن بە پێشلکردنی "مافی شارۆمەندانی کورد" و زیندان و ئەشکەنجە ئەوان و وەکوو سەرەتایەك بۆ تەعتیل و مانگرتنی گشتنی لە کوردستان لە ڕۆژی 2ی ڕێبەندان ساڵرۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری خۆدموختاری کوردستان، لە ڕۆژانی 28، 29، 30ی بەفرانباردا "ڕۆژووی سیاسیی" بگرن.

ئەوان بە هەڵبژاردنی ئەم تێرمە مەزهەبی‌یە لە واقع دامەبەستیان ئەوە بوو کە لە ژێر ئەو نێوەدا مانگرتنێکی گشتی لە کوردستان بە ئەنجام بگات.

ئێسلاحی "ڕۆژووی سیاسیی" لە لایەن ئەو "میللی _ مەزهەبیی" یانەی کە زۆریان لە تاران و دەوروبەری قۆدرەتی دەستەڵاتدار دا خولەیان دێت و مەوجوودییەتیان لە ڕێژیمی ئیسلامی بە قیمەتی تەحقیر وسووکایەتی پێ‌کردنی هەر ڕۆژە سوال دەکەن بۆتە باو. ڕەنگە ئاماژە بەو تاقە پێشینەیەی کە پشتی بە سوننەتی ئەو ڕەوتەوە بەستەووە بۆ تێگەیشتن لە بێ ئیعتنابوونی وشیارانەی خەڵکی کوردستان بەو جەماعەتە بەس بێت. هەروەها "پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤــ" ئامادەکاریی شکستی بانگەوازەکەیان بە دانانی ئێمزای بەهائەددینی ئەدەب و جەلالی‌زادە، نوینەرانی پێشووی مەجلیسی ئیسلامی تەکمیل کردبوو.

بەو پێشینی کە باسکرا هەر لە سەرەتاشەوە مەعلووم بوو کە ئەو داوایە سەرەرای نییەتی خیری هیندیك لە دەست و پێوەندەکانی و ئەوانەی کە ئیمزایان کردووە و بەتایبەت بەهۆی هاورێ نەبوونی هەڵسووراوان و ڕێبەرە ناسراوەکانی بزووتنەوە ئیعترازیی و خەباتکارانەکانی ئەم سالانەی دوایی لە فەزای ڕادیکاڵ و شۆرشگێرانەی کوردستان لەگەڵ شکست بەرەوروو دەبێت. دو حیزبی سیاسی کوردستانیش یانی "سازمانی زەحمەتکیشانی کوردستان" و "حیزبی دموکراتی کوردستان ئیران" کە هەر کامیان بە دەرکردنی ڕاگەیاندنی جیاواز پشتیوانییان لەو بانگەوازە کرد و هەموو نفوزی تەشکیلاتی و توانای عەمەلیی خۆیان بۆ سەرکەوتنی بەکار هێنا، کە لە واقع دا بەم شێوەیە ئێدديعاکانیان محەك لێدرا.

بە پێی ئەو دواین زانیارییانەی کە لەشارە جۆراوجۆرەکانەوە پێمان گەیشتووە، هیچ حەرەکەتێکی بەرچاو و جێی باس لەمەڕ وەڵامدانەوە یان ڕەنگدانەوەی ئەم بانگەوازە ڕووی نەداوە.

بانگەوازی "ڕۆژووی سیاسی" لە نێو هەڵسووراوانی کرێکاریی، دانێشجوویی، ژنان و سازماندەرانی بزووتنەوەی ئیعترازی و نارەزایەتیەکانی هەر ڕۆژە لە کوردستان، تاکتیکی "میللی _ مەزهەبی‌یەکان و ئیسلاحخوازانی دەرکراو لە دەسەڵات وەبیر دێنێتەوە و هەر ئەو تانیا پێشەکی‌یە بۆ بێ ئیعتنابوونی خەڵکی خەباتکاری کوردستان بەو بانگەوازە بەس بوو. خەڵکی وشیاری کوردستان دەمێك ساڵە ئەو جۆرە ڕەوتانەیان تێپەڕاندووە و پشتی سەرناوە، بەڵام ئەو ناکام بوونە بۆ ئەو دوو حیزبە کوردستانییەی کە ئاماژەمان پێ کرا، مانایەکی سیاسیی تایبەتی دیکەیشی هەیە. ئەو وەڵامە مەنفی‌یە بەتایبەت لە بارووْدوخێکدا زەق دەبێتەوە کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئیران بە ئیدديعای پیشتیوانیکردنی 85 لە سەدی خەڵکی کوردستان لیی و سازمانی زەحمەتیکشانی کوردستان بە ئێدديعای پشتیوانی بەربڵاوی خەڵکی کوردستان لە ورمێوە هەتا ئیلام لەڕێی ڕاگەیاندنی جیاوازەوە، خەڵکی یان بۆ بەشداریکردنن لەو "ڕۆژووە سیاسی"یە لە ڕۆژانی دیاریکراو و مانگرتنی گشتی لە ڕۆژی 2ی ڕیبەندان بانگهیشت کردوو.

بانگەواز بو "ڕۆژووی سیاسیی" نەك لەبەر دژایەتیکردنی ڕیژیمی ئیسلامیی دەگەلی، بەڵکوو بەهۆی ئیعتنانەکردنی خەڵکی وشیار و سیاسی کوردستان پێی ناکام و بێ نەتیجە مایەوە. بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان لە دەمیك ساڵ لەمەوبەر و بەشکست هینانی ئیقلابی ئیران، سنووری خۆی لەگەڵ ڕەوتە مەزهەبیی، تەسلیم خواز و ناشۆرشگێرەکان دیاری کرد. هیرشی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر خەڵکی شاری سنە لە بەهاری 58 و خوارگرێکردنی دلێرانە لە بەرامبەریدا، پێکهاتنی جەمعییەتە دێموکراتیکەکان لە کوردستان و کاری وشیاریدەرانەی ئەوان لە شارو ئاواییەکانی کوردستان و دیفاع لە دەسکەوتەکانی ڕاپەرینی

57، پێکهاتنی یەکیەتی جووتیاران لە بەرامبەر چەکداربوونی ئاغاو دەرەبەگەکان و وەڵامی چەکدارانە بە پەلاماری ئەوان، پێکهاتنی ناوەندەکانی کرێکاریی، ژنان ولاوان لە کوردستان، لە قاودان و رسواکردنی رەوتی مەزهەبیی مەکتەبی قوڕئان و ریبەرەکەی ئەحمەدی موفتی زادە، بریاری خۆراگری جەماوەریی لە لایەن کۆمەلەوە لە وەڵام بە بڕیاری لەشکرکێشی خۆمەنیی بۆ کوردستان لە 28ی مورادادی 58، پێکهاتنی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بۆ مۆزاکرە و بەرپەچ دانەوەی پیلانی ئاژاوەگیرانەی کۆماری ئیسلامی لەو مەیدانەدا، سازماندانی حەرەکەتە ئیعتیرازیی و جەماوەرییەکان لەشار و دیهاتەکانی کوردستان لە بەرامبەر زۆرۆێژی و سەرکوتکاریی هیزەکانی کۆماری ئیسلامی، بەرێوە چوونی ئەووەلی مانگی مەیەکانی سنە، سەقز و باقی شارەکانی کوردستان، بەرێوە چوونی ری و رەسمەکانی 8ی مارس رۆژی جیهانی ژن، سازماندانی هەموو سالەی مانگرتنی کرێکارانی کورخانەکان، ئیعرازاتی بەردوام و شیلگیرانەی کرێکارانی شاهۆ، پەریس، نەساجی سنە لەم سالانەی دواییدا، سازماندانی حەرەکەتەکانی دیفاع لە مافەکانی منداالان لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و دەیان شێوازی تر لە ئیعیراز و خەباتی رادیکال و شۆرشگێرانە کە رەنگ وبۆنی مەزهەبیی نیە و سەرەنجام مانگرتنی گشتی 16ی گەلاوێژی 1384 لەو ئاستە میلیونیی‌یەدا و لە جموجۆلکەوتنی کۆمەڵگای کوردستان لەو رۆژەدا بە بانگەوازی کومەلە، درێژە و ئەوپەری ئەم سوننەتە درەوشاوە و جەماوەریانەی نێو بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستانن.

لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی‌یەوە هەتاکوو ئەمرۆ، ئەو نیزامە و پاریزەرە رەنگاو رەنگانەی، لە دژی ئەم سوننەتانە بوون و هەولی سەرکوتکردنیان داوە.  بانگەواز کردنی خەڵکی کوردستان بۆ بەشداریی لە "رۆژووی سیاسی" ئیسلاحخوازان، نیشانەیەك لە رەوتی داکشانی سیاسی ئەو رەوتانەیە کە لە گەشەی بزووتنەوە رادیکاڵ ورەسەنە جەماوەرییەکاندا جێ و هێوایەکیان بۆ داهاتووی سیاسی خۆیان بەدی ناکەن. ئەوانەی کە هیوایان بۆ بەدەسەڵات گەیشتنی و رزگار بوون لە چەنگ کۆماری ئیسلامی بە کەشتی تۆفان لیدراوی ئەمریکا و سازکردنی جەهەننەمێکیتر بۆ خەڵکی ئیران گرێ داوە و دووپاتبوونەوەی سێناریۆی عیراق لە ئیران لە خەون دا دەبینن، بەشکست هێنانی بانگەوازە هاوبەشەکەیان لەمەر بەشداریکردنی لە "رۆژووی سیاسی" عەلەل قاعیدە" دەبێ بی رەبت بوونی سیاسەتەکانیان بە بزووتنەوەی شۆرشگێرانە و خەڵکی ئازادەیخوازی کوردستان لی حالی بوو بێت. ئەوانەی کە لەگەڵ مانگرتنی گشتی 16ی گەلاوێژی 1384 لە حالێکدا کە یەك مانگ حەرەکەتی شورشگیرانەی کوردستان بەوپەری خۆی گەیشت دژایەتیان کرد و سەرکۆنەکردنی فراوانی خەڵکیان بۆ خۆیان کڕی، ئەمجار لە رێزی "میللی مەزهەبی"یەکانێشدا رۆژووەکەیان بەتال بوو.